# نامەیەک بۆ عیساچیایی

شیعری حەمەکاکەڕەش
سوید



هاوڕێ بمبەخشە نەهاتم بۆ لات
بمبەخشە نەمتوانی بێم و..
قومێ گریان مشتێ پێکەنین
ڕۆکەمە ئینجانەی شیعری سەرتەوە
بمبەخشە نەمتوانی پەنجەرەیەك لە خەمی دڵت بکەمەوە
هاوڕێ بمبەخشە ئەو ڕۆژەی سەفەرمکرد
ئەو ڕۆژەی سەری خۆم دایە دەستی قەدەر
قەدەری غوربەت قەدەری تەنیایی
قەدەری حەسەرەت بم بەخشە
شپرزە بووم وەکو باران وەکو با
لە ڕێگا ئاوڕم دایەوە
دڵم بۆ کوچەکانی منالّی
سەرگەردان بوو
هاوڕێ بم بەخشە
خۆم دایە دەستی قەدەرێک
ئاشنای کردم بە هەناسەکانی
بەرەڵاترین وڵات
بەرەڵاترین تورکیای دونیا
هاوڕێ بم بەخشە
چەند لاپەڕەیەکی سەفەرت
بۆ دەنووسمەوە
لەتورکیا سالمی شاعیرم
بیرکەوتەوە
کە دەڵی... تورکان هێندە بێغەرن
لە شەخسیش ئەدەن زەرەر..
هاوڕێ بە خەیاڵی سوقرات و
ئەفلاتونەوە
بە خەیاڵی... سوفیستە کانەوە...
بە خەیاڵی زۆر باو ئازادی یا مەرگ
وەك با
بە دارستانەکانی
یۆناندا دەرۆیشتم
تا لە فەلسەفەبگەم
تا لەگەڵ سوقراتا
پێکێک ژەهر بخۆمەوە
هاوڕێ گەیشتمە ئەسینا
زبڵدانی مێژووم بینی
پرسیاری سوقرات و
ئەفلاتوونم کرد

هیچیان لەوێ نەبوون
ئەسینا بێ فەلسەفە دەژیا
هاورێ بە دڵی ئەو دەریایەدا ڕۆیشتم
کە هۆمیرۆس
لەئەلیادەو ئۆدیسەیا باسی دەکا
تاگەیشتمە ڕۆما
لە ڕۆما لە کچێکم . پرسی
نیرۆن چۆن دڵی هات
ڕۆما بسووتێنێ
وتی ... نیرۆن دڵی نە بوو
تۆ پیاوی بێ دڵت نەدیوە.
وتم .. نیشتمانەکەی من
پڕە لە پیاوی بێ دڵ و
باسی بچوکی دڵی چۆلەکەکان دەکەن
پیاوەکانی نیشتمانەکەی من
دڵیان نیەو....

ئەڵێن ... ئەی نیشتمان
تۆ لە دڵماندای
هاورێ .. ڕۆما ڕۆمانێکە
بە پەیکەر نووسراوەتەوە
نەمتوانی ئەو ڕۆمانە
بخوێنمەوە
نەمتوانی گوێ لە کپی
ڕۆما بگرم
گەیشتمە ئەڵمانیا
بڕوام نەدەکرد ... هیتلەر
لەوێ ژیابێ
بە. دانیمارکا. چووم بۆ سوید
ساڵێ تەمەنم بە خشیبە بەفر
هاورێ بم بەخشە
ناتوانم حەسرەتەکانی
چاوەڕوانی کەمپ بنووسمەوە
بم بەبەخشە
نەمتوانی بێم بۆ لات
تەمتوانی قومێ گریان
مشتێ پێکەنین
ڕۆکەمە ئینجانەی شیعری سەرتەوە..